# چەند تێبینییەک لەمەر قسەکانی بەڕێز د. شەونم عەبدولقادر وەزیری پەروەردە و فێرکردن لە حکومەتی سولەیمانی

مەحمود محەمەد عوسمان
هۆڵندا
m_o_osman@hotmail.com

بەهۆی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە 3771 ڕۆژی هەینی 2005/9/9 چاوپێکەوتنێکی سازدابوو لەگەڵ دکتۆر شەونم عەبدولقادر وەزیری پەروەردە و فێرکردن . لەم چاوپێکەتنەدا ئاماژەی بەهەندێ گۆڕانکاری کردووە کە ئەمساڵ خوێندن لە کوردستان جێبەجێ ئەکات . و قسەی لەسەر چاکسازی کردووە لە بواری پەروەردە و فێرکردن و بایەخدان بە کۆمەڵی مەسایلی پەروەردە.

یەکێ لەو خاڵانەی کە باسی لێوەکردووە کەوا ( لە ئەمساڵی خوێندندا لە پۆلی سێیەمی سەراتییەوە زمانی ئینگلیزی ئەخوێنرێ و ئەگەر بکرێت ئەوا لە ساڵانی داهاتوودا بۆ نزمترین دائەبەزێ ) . من تەنها لەسەر ئەم خوێندنی ئینگلیزیە ، ئەم چەند دێرە ئەنووسم.

زمانی ئینگلیزی زمانێکی زیندووە و زمانێکی جیهانییە و پێویستە بە باشی بخوێنرێ و بایەخی پێبدرێ . ئەمە قسەی تر هەڵناگرێ .

ئەم بڕیارە ئەنجامی چەند کۆبوونەوە بوو ؟. چەندی خایان و چەند لە پسپۆڕان و شارەزایان لە بواری پەروەردە بەشداریان کرد ؟. لێکۆڵینەوەتان لەسەر چەند لەو وڵاتانە کرد کە زمانی ئینگلیزی لەم پلەیە ئەخوێنن ؟ . ئایا پەرلەمان مشت و مڕی لەسەر کرد ؟ هەر بڕیارێک لە بواری پەروەردەوە بدرێ ئاسان نییە بۆ گۆڕینی بەرنامیەک ،چونکە یەکێکە لەو دەزگایانەی کە بە شادەماری  کۆمەڵگە دائەنرێ، وە گۆڕانکاری لە بەرنامی فێرکردن ئاسان نییە بەتایبەتی لە کوردستان

سەرەتا ئەوە بڵێم لە کوردستان وەک عێراق لە پۆلی 5 سەرەتاییەوە ئینگلیزی ئەخوێنرێ تا قۆناغی شەشی وێژەیی یان زانستی ، 8 ساڵ ، هەفتەی 5 ڕۆژ با مانای ئەوەی مانگی 20 دەرس ئینگلیزی ، پرسیارەکە ئەوەیە دوای ئەم هەموو ئالۆزییە لە وانەی ئینگلیزی ، ڕێژەی دەرچووان چەندە ؟ وتاچەند بە گوێرەی پێویست نمرەیان بەدەست هێناوە ؟ دوای ئەم سەرقاڵە لە خوێندنی ئینگلیزی ، ئەتوانن بە زمانێک بئاخفتن کە تەریب بێ لەگەل ئەوە هەموو دەرسانی کە وەریانگردووە . ؟

لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئۆروپا وێرای ئەوەی کە بەراورد ناکرێ لەگەڵ کوردستان ، و پێویستییەکانی قوتابی ئامادەیەک دابین کراوە و ڕێکە لەگەڵ ئەو پێشرەفتییە کە هەموو بەشەکانی تری کۆمەڵگەی گردووەتەوە ، ئەڵێم لەگەڵ ئەمەیش لە هۆلاندا لە پۆلی 5 سەرەتایی ئینگلیزی ئەخوێنرێ و هەفتای 2 ڕۆژ هەتا قۆناغی ناوەندی پاشان 3 ڕۆژ ، لە وڵاتانی تر هەیە لە پۆلی 3 سەراتییەوە بەڵام هەر هەفتەی 2 ڕۆژ هەتا هەمان قۆناغ ، بەڵام پەروەردە و فێرکردن لە چی ئاستێکدایە لەم وڵاتانەدا ؟

پێش ئەوەی باس لەم گۆڕانکاریە بکەی ، و پێش ئەویش من لە ڕوانگەی ئۆروپاوا باس لەم بووارە  بکەم ، با لە ڕوانگەی ڕۆژنامکان و قسە و باسی مامۆستایان و ئەو هەموو کەم و کوورییە لە بوواری پەروەردە و ئەو هەموو نارەزایتییانە و دەسەڵاتی ئەحزاب لە ناو پەروەردەو فێرکردن ،سەیری نەخشەی پەروەردە و فێرکردن بکە لە هەموو ڕوویەکەوە و پاشان قسە لەسەر گۆڕینی بەرنامە بکە .

با ئەم پرسیارە هەمیشەییانە بکەم کە 15 ساڵە بێ وەڵامە و بەردەوام ڕوو بەڕووی دەسەڵات ئەبێتەوە هەتا بگاتە قۆناغێک ، بەڵام بەم زووانە ئومێدی چارەسەرکردنیان نییە .لەبەر هۆیەکی ئاسان چۆن

پەروەردە و فێرکردن بەدەر نییە لە هەموو کێشەکانی کۆمەڵگە ،و بە بێ چارەسەری بنەرەتی هەموو کێشەکان ، ئەم گۆرینی بەرنامەیە بە نەزۆکی لە دایک ئەبێ ،

پێش بەرنامە گۆرین ، گیر و گرفتەکانی مامۆستایان چین ؟ قوتابی چەند پێویستییەکانی بۆ دابین کراوە ؟ ئەی قوتابخانە بە گوێرەی ژمارەی قوتابییان هەیە ؟ ئامرازی بەرە و پێشچوونی زمانی ئینگلیزی چیت بۆ ئامادە کردووە ؟ ئەی جیاوازی خوێندن لە شار و دێ نزیک یەکبوونەتەوە یان دێ هەر ئەبێ لە پلەیکی نزمدا بێ ؟ ئەی لە رۆژناماکان نابینی چەندێ قوتابی لە پۆلیکدایە !

ئەگەر لە پۆلی شەشەمی سەراتەییشەوە ئینگلیزی بخوێنرێ ، بەڵام پەروەردە هەموو پێویستییەکانی دابین کردبێ ، ئەگەر 22 قوتابێ لە پۆلێکدا بێت و مختەبەراتیان هەبێ ، ئەگەر یاسایەکی مۆدرێن بە ڕێوە بچێ ، و ئەگەر دەسەڵاتی حزبی دوور بێت لەم بووارەدا و مامۆستایش لە پرۆژەیەکی زۆر بەرزدا بەشدار بێت و لێکۆلەینەوتان هەبێ لەسەر چۆری بەرێوە چوونی پەروەردە لە وڵاتەکانی تر ، دڵنیابە قوتابی باشتر فێری ئینگلیزی ئەبێ لەوەی تەنانەت ئەگەر لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە بخوێنرێ ، لەگەڵ رێزمادا